لۆگۆسینترالیزمی ژیان و مردن لە دەقی (برا دوور و خزم دوور کەسم دوور) ی شەهید مەلا عەلی دا

ئاوارە فەرەیدون قادر

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە- هەموو دەقێک چەقێکی هەیە، ئیدی زمانی بێت یان نا زمانی، فەلسەفی بێت یان نا فەلسەفی، ئەم سەنتەرەش بەشێکی گرنگ و یەکلایی کەرەوەیە، چونکە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک بگۆڕێت، بەڵام لۆگۆ سەنتەریزم یەکێکە لەلایەنە داهێنەرەکانی دەقە جیاوازەکان، بەوەی لەناو دەقێکدا دەقێکی تر دەبینرێتەوە، یاخود لەناو وێنەیەکدا وێنەیەکی تر دەبینرێتەوە .

ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر دەقی (برا دوور و خزم دوور کەسم دوور)، لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوە و ستراتیژیەتی خوێندنەوە لەناو خۆی دەقەکەدا، لە پێناوی هەڵوەشاندنەوە، یاخود تێکدانی و سەرلەنوێ بنیاد نانەوەی، یاخود نیشاندانی وێنەیەکی جیاواز لە وێنە سەرەکییەکە، چونکە هەموو دەقێک چەند خوێندنەوەیەکی لەخۆ گرتووە، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باس لە ژیان و مردن لە ڕوانگە جیاوازەکان و دوالیزمی دژیەک و لۆگۆسەنتەریزم کراوە، لە بەشی دووەمدا باس لە بایۆگرافیای شەهید مەلا عەلی و لۆگۆسینترالیزمی ژیان و مردن لە دەق (برا دوور و خزم دوور کەسم دوور)ی شەهید مەلا عەلی دا، کراوە و نموونەی پێویستی بۆ هێنراوەتەوە، پاشان ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو .

کلیلە ووشەکان- هەڵوەشاندنەوە، سەنتەر، ستراتیژیەت،شیعر

پێشەکی:

دەق ئەدەبی بە هەموو ژانرە جیاوازەکانیەوە بەدەر نییە لە بابەتی ژیان و مردن ، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بە بۆچوون و پرسیارەکانی مرۆڤەوە، بە مانایەکیتر بوونەتە بەشێکی سەرەکی دەق، لەگەڵ ئەمەشدا مردن دەبێتە چەقی ژیانکردن، چونکە دواجار مردن بالا دەستە و دەست بەسەر ژیاندا دەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە مردن ئەو تراژیدیا تاڵەی ژیانی مرۆڤە، کە هەر لەدوای هاتنە دنیاوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەگەڵیدایە و لینی جیا نابێتەوە و بە کۆتایی هاتنی مرۆڤ، جیهانیش کۆتایی پێدێت، چونکە جیهان بێ بوونی مرۆڤ هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە، کە ئایا پاش مردن چی؟ ئەم پرسیارەش بەپێی ئایدۆلۆجیا و بنەما فیکریەکان زۆر وەڵام لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر تەنها لەڕوانگەی فیزیکییەوە سەیری بکەین، ئایا لە پاش مردن چی لە مرۆڤێک دەمێنێتەوە، کە دیارە جەستەیەکی بێ گیانە و ئەویش شیدەبێتەوە و هەندێک پاشماوەی لێدەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە کاروکردەوە و ناو و ناوبانگ و نەوە و دەسکەوت و داهێنان و سامان و.... تاد، لەپاشی بەجێدەمێنێت، کە سەرجەم ئەمانە ڕاستە پاشماوەن، بەڵام سەرجەمیان جێکەوتن بۆ بوونێک، کە لە ئێستادا هیچ بوونێکی ڕاستەقینە (واقیع)ی نییە جگە لە جێکەوتەکەی، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئاینی و میتافیزیکییەوە بڕوانینە مردن و دوای مردن، ئەو کاتە چی؟ هەرچەندە بەپێی ئاین و ئایزاکان تێڕوانینەکان جیاوازن، بەڵام سەرجەمیان لە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشدا یەکانگیر دەبن، کە ئەویش ژیانی دوای مردنە، بە واتایەکی تر ژیانەوەی دوای مردن، ئەمەش زیندوبوونەوەی ڕۆحە، کە بەگشتی لەسەر بنەمای چاکە و خراپە پێوانە دەکرێت. " خوێندنەوە لە نێوان دەق و خوێنەردا حاڵەتێکی دیالێکتیکی هەیە و خودی دەقیش واتا و شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بەبەردەوامی واتای وشە دوا دەخرێت، (دال- مەدلول - دال)، واتە دال دەبێت بە مەدلول و مەدلولیش جارێکی تر دەبێتەوە بە دال، پاشان ئەم (دال)ەش هەڵگری مەدلولی نوێیە و دەبێتەوە بە دال"(حمودة،١٩٩٨، ٣٣٥) هەر ئەمەشە کە واتا دەلالیەکەی بەپێی بۆچونی دریدا دەگۆڕێت، کە ئەو هەمیشە دال بە مەدلولەوە نابەستێ و دال و مەدلول لە جوڵە و گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

دال ——— مەدلول ——— دال

ژیان ——— مردن ——— ژیانی دوای مردن

کارکردن لەم دەقەدا (برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور)، بە پێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەیە، بەو پێیەی هەڵگری بنەمایەکی فەلسەفی و مەعریفیە و ناتوانرێت لە دەق و فەزای دەق دابڕێت، لە ڕوانگەی خوێندنەوەی دەقەوە لۆژیکی دەقەکە دیاری دەکات، ئەمەش بەدابڕانی دەق نییە لە دەوروبەر، بەڵکو کارکردنێکی بابەتییە لەنێوان ناوەوە و دەرەوەی دەقدا.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 4(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n4y2026.pp57-66

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 1 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 14 كانون الأول 2025؛ نُشرت في 18 تشرين الأول 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :awara.qadir@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 ئاوارە فەرەیدون قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەشی یەکەم
ژیان و مردن لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە:

١- لە ڕوانگەی ئەفسانەوە:

دواڵیزمی ژیان و مردن یەکێکە لەو پرسە گرنگ و هەستیارانەی، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و گەشەکردن و تێگەیشتنی لە دەوروبەر، مرۆڤی سەرقاڵکردووە و بووەتە ئەو پرسیارەی کە هەمیشە بەدوای وەڵامێکی دروستدا گەڕاوە، ئەم بابەتە تەنها بواری شیعر و ئەدەبی نەگرتۆتەوە، بەڵکو گشت بوارەکانی گرتۆتەوە، لەو بارەیەوە (کلود بەرنارد) دەڵێت: (ژیان مردنە)(عبدالخالق:١٩٨٧: ١٤)، ئەمەش بەو مانایەیە کە ژیان و مردن دوانەیەکی لێنک دانەبڕاون و هیچیان بەبێ بوونی ئەوی تریان نابێت، ئەمەش ئەو نهێنیەیە کە لە هزر و بیری مرۆڤدا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و مرۆڤ بەردەوام بەدوای نهێنی و پاساو و دەرئەنجامی ئەم پەیوەندییە هەمیشەییەدا وێڵە و هەمیشە چاوەڕێی وەڵامێکی دروستی ئەو پرسیارەیە، کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤەوە لەخۆی دەکات، دەربارەی ژیان و ئاسودەیی و بەردەوامی و کۆتایی و مردن، بەوەی ئایا مردن کۆتایی هەموو شتەکانە؟ یاخود بە پێچەوانەوە، ئەم پرسیارەش هەمیشە لە ئارگۆمێنتێکی بەردەوامدایە، کە بیرمەندەکان و فەیلەسوفەکانی سەرقاڵکردووە و بوونی ڕۆح و دەرچوونی لە جەستە زاناکان و بیرمەند و فەیلەسوفەکانی توشی سەرسوڕمان کردووە و تا ئێستا نەگەشتونەتە وەڵامێکی دروست و یەکگرتوو و بیرمەندانەی تەواو جیاواز لەگەڵ بۆچوونی ئاینە ئاسمانیەکان، سەرقاڵبوونی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بە باسی ژیان - مردن، ئاسەوارێکی زۆری لە نەخشی سەر دیوار و ئەو پاشماوە کۆنانەی دۆزراونەتەوە بەجێهێشتووە، هەروەها ئەفسانە و داستانەکان، کە دەرخەری ئەو ڕاستی و پرسیارە هەمیشەییەن، بۆ نموونە داستانی گلگامشی بابلی و ئۆدیسەی ئەغریقی و ئەنیادەی ڕۆمانی، کە تیایدا هەوڵدانی مرۆڤ و خەون و خەیاڵەکانی بۆ پەرینەوە بووە لەم ژیانە بۆ ژیانی دواتر(دوای مردن)، و پەیبردن و پەردە هەڵماڵین لەسەر نهێنیەکانی و بەردەوامی و ژیانی هەمیشەیی دوای مردن و ئەوانەی پێش ئەمان مردوون.

بەپێی ئەفسانەی بابلی و ئاشوری (مردن کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو جیابوونەوەی لەش و گیانی گەیاندووە، لەش شیدەبێتەوە، گیانیش لە جۆرێکی ژیان و بوونەوە دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی تر و دادەبەزێتە جیهانی خوارەوە و بۆ هەمیشەیی دەمێنێتەوە)، (شورون، ١٩٨٤، ٢١)، بەم پێیەش گیان بەردەوامی دەبێت بەدەر لە جەستە، "لەم شێوەیەدا مرۆڤ دوای مردن سیما جەستەییەکەی لەدەست دەدات، بەڵام بە شێوەی شەوە، تارمایی یان گیان (ڕۆح) لەسەر زەوی دەژێ بە ژیانی خۆی دەدات، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (چینی) یەکاندا گیانی ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان دەکوژن یان بەد ڕەوشت و ناپاکن، وەکو گیانی ناپاک و خێو و شەوە بە جیهاندا بڵاو دەبنەوە، لە ئەفسانەی میسریدا، گیانی مرۆڤی مردوو لە جیهانی مردووەکاندا بۆ هەتایە بە نەمری دەژێ بە ژیانی خۆی دەدات"(خۆشناو: ٢٠١٣: ١٧٩)، میسرییە کۆنەکان باوەڕیان بە جیهانی دوای مردن و زیندوبوونەوە هەبووە، هەر لەبەر ئەمەش بووە میسرییەکان و هەندێک لە گەلانی کۆن مۆمیایان کردووە، تاوەکو لەو دنیا بە لاشەیەکی پۆشتە و جوانەوە ژیان بکەن، تەنانەت ئاژەڵە خۆشەویستەکانیشیان مۆمیا کردووە و فیرعەون و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان بە سامانەکانیانەوە نێژراون، لە ئەفسانەی کوردیشدا زیندبوونەوە،"نەمری و بەردەوامی ژیانی مرۆڤ لە دوای مردندا بەو جۆرە دەبێت، کە جارێکی تر گیانی دەچێتەوە ناو هەمان جەستەی خۆی لە سنووردێکی تایبەت، کە تێیدا مرۆڤ بە هۆی کردەوەکانی لە ژیانێکی خۆش یان ناخۆشدا بۆ ماوەیەک دەژێت"(خۆشناو: ٢٠١٣: ١٧٩).

لە ئەفسانە و بیر و باوەڕە ئاینییە کۆنەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەمیشە بە دوای نەمریدا وێڵ بووە و بۆ بەدەستهێنانی نەمری لە هەوڵێکی بەردەوامدا بووە، کە تا ئێستاش ئەم تێڕوانین و هەوڵانە بەردەوامە، لە کۆمەڵە سەرەتاییەکان و ئەفسانە و بیروباوەڕە ئاینییەکاندا بە شێوازی جیاواز بیر و خولیای نەمری سەرپەهڵداوە، بۆ نموونە بیری دۆنادۆن کە "گیانی مرۆڤ دوای مردن بەپێی کردەوەکانی دووبارە دەچێتە ناو پەیکەری مرۆڤێکی تر یان دەچێتە بەر لەشی گیاندارێکی تر و لە جوارچێوەی ئەم پەیکەرە نوێیەی دەژێ بە ژیانی خۆی لەسەر زەوی دەدات"(خۆشناو: ٢٠١٣: ١٧٩)، واتە باوەڕیان وایە گیان لەدوای مردن لەناو ناچێت، بەڵکو دوای مردن گیان لە لاشەیەکەوە دەچێتە لاشەیەکی ترەوە، ئەم لاشە گۆڕینەش بە پێی باش و خراپی کەسەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە ئەگەر باش بێت ئەچێتە جەستەیەکی باشەوە، یان لاشەی ئاژەڵێکی خۆشەویستەوە، ئەگەر خراپیش بیت، ئەوە بە پێچەوانەوە دەبێت، هەر ئەمەشە وایکردووە لە هەندێک کۆمەڵگە یان نەتەوەدا بە چاوی ڕێز و هەندێک جار بە چاوی ترسەوە لە هەندێک ئاژەڵ و شت دەڕوانن.

ب- لە ڕوانگەی ئاینەوە:

بابەتی مردن لە ئایندا بابەتێکی زۆر هەستیارو وردە، چوونکە کۆی پرۆسەی ژیانی لەسەر دەوەستێت، بۆیە لەئاینە جیاوازەکاندا زۆر بە قوونڵی لە سەر ژیان و مردن دواون و باسیان لێکردووە، لەسەر ئەو بنەمایە دەچن بەڕێوە بەوەی کە جەستە چییە، ڕۆح چییە، جەستە بەبێ ڕۆح بوونی نییە، ژیانیش بەبێ ڕۆح مردن دێنێت... تاد. لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:"***ويسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربي و ما اوتيتم من العلم الا قليلا***" (القرئان: سورة الاسراء: ٨٥)، سەرجەم ئاینەکان هەم لە ژیان بە شێوەیەکی سەرەکی دواون لە پێناوی ڕێککردنەوە و بەڕێوەبردنی ژیان و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی دروست، هەم لە ژیانی دواتریش دواون، واتە ژیانی دوای مردن و جارێکیتر زیندوبونەوە، کە بەدڵنیاییەوە ڕێنوێنی ئەم دنیا، بۆ دەستەبەرکردنی دنیاکەی ترە ژیانی بەردەوام و هەمیشەیی، واتە ژیانی دوای مردن، کە هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە لێنی دواوە.

ئایینی براهمی یان هیندۆسەکان، باوەڕیان وایە جگە لە دۆنادۆن - گەڕانەوەی ڕۆحی مردویەک بۆ کەسێک یان شتێکی تر لەسەر زەوی – ڕۆحیش لەپاش مردن– کەسە چاکەکان، دەچنە ژیاتێکی خۆش، بەهەشت) (حەمە کەریم، ٢٠١٤: ١٠)، کە پاش گواستنەوەی ڕۆحەکان، دواجار پاش پاکبوونەوەی ڕۆحەکان، مرۆڤە چاکەکان دەچنە بەهەشتەوە.

بوزیەکان "باوەڕیان بە چەندێتی سوڕی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی و گواستنەوەی لە لاشەیەکەوە بۆ لاشەیەکی تر هەیە، تاوەکو گەیشتنی بە ژیانەکەی تر بە پاداشتی کردەوەکانی لە ژیانەکەی ڕابردودا و پاکبوونەوەی ڕۆح لە کارما"(الدبور:٢٠١٦:٧٢٧)، (کارما لەلای بوزییەکان بە مانای کردار دێت،کە سێ مەرجی هەیە ١- بوونی پاڵنەر کە ئارەزو و چێژە ٢- بوونی مەبەست و نیەت ٣- بوونی کردار و جولە)(الدبور: ٢٠١٦ :٧٢٠-٧٢١)، لای بوداییەکان (کاتێک کە مرۆڤێک دەمرێت، کەسەکە دەچێتە نیو دۆخێکی ئارام، لەوێ تاککەراپی نابینرێ و مرۆڤ بەرەو قەڵەمڕەوی دواهەمین حەقیقەت هەنگاو دەنێ) (حەمە کەریم، ٢٠١٤: ١٣)، کە ئیتر لێرە مرۆڤەکان هاوتان و ئیدی مرۆڤ بە ئاسودەیی دەژی، لە ڕاستیدا چەمکی دۆنادۆن لەلای بوزیەکان زۆر

جیاواز نییە لە چەمکی دۆنادۆن لەلای هندۆسەکان، تەنها لە بابەتێکدا نەبێت ، کە ئەویش لەناوچونی ڕۆح و ژیانەوەیەتی، لەسەر ئەم بنەمایە "ڕۆح لەلای هندۆسەکان هەمیشەیی و نەمرە ولەناو ناچێت، بەڵام بودیەکان باوەڕیان بەنەمری ڕۆح نییە، لەبەر ئەوەی چەمکی ڕۆح لای ئەمان کەڵەکەبوونی کارمایە لە کردەوەی چاکە و خراپەدا، کە ئارەزووەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە"(الداودی: ٢٠١٦ :٧٢٧).

لەدیدی ئاینی زەردەشتییەوە (ژیان و بوون لە خانەی دەروون یان هێزی چاکەدایە و مردن و لەناوچوونیش لە خانەی دەروون یان هێزی خراپەدایە، ئەگەرچی ئاهورامەزدا کە سەرچاوەی چاکەیە، دواجار خراپان بۆ شوێنی هەمیشەیی خراپان کە دۆزەخە دەبات)،(حەمە کەریم، ٢٠١٤: ١٤)، بۆیە هانی چاکە دەدات تاوەکوو مرۆڤ لە دۆزەخ پارێزراوبێت.

ـ لە ئاینی یەهودی (جولەکە) دا"باوەڕ بوون بە ژیانێکی تر جێگیر نەبووە، چوونکە ئەم بڕوایە لەو کێشانەیە، کە شاراوەن و باش نییە بیری لێبکرێتەوە)، (شورون، ١٩٨٤، ٩٥)، لەم ئاینەدا مردن "وەکو سزادانی کەسی هەڵەیە، کاتێک سنووری مرۆڤایەتی دەبەزێنێ، بۆ نموونە وەک (تاوانی زینا)، لەم ئیوەندەدا نابێ وا لە مردن تێبگەین، کە سزادانی مرۆڤە لەبەر ئەوەی مرۆڤە، بەڵکو سزادانە کاتێک مرۆڤ ڕەتیدەکاتەوە لە سنووری مرۆڤایەتیدا بژی"(الحفني:---: ٥٥٨)، ژیانەوە لە ئاینی یەهودیدا " واتە بوونی تەواو و باڵا کە بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە هەر وەک ئەو بوونەی ئێستا، ڕزگاربونیش بە نوێبوونەوەی بوونی لاشەیی و دەروونییەوە پەیوەستە"(توبيني: ٢٠١١ : ١٨٦)، ئاینی یەهودی (بایەخی سەرەکییان بە دونیا و ژیانویستییە، تا مردن و جیهانەکەی تر، بەباوەڕی ئەوان سەرەتای جیهان وژیان، بە دروستکردنی زەوی و ئاسمان دەستی پێکردووە)(حەمە کەریم، ٢٠١٤: ١٧)، ئەمەش لە پێناوی ژیانکردن و ئاسودەیی مرۆڤدایە و باڵا دەستی مرۆڤ بەسەر زەوی و ژیاندا.

لە ئاینی مەسیحیدا "مردن دەرئەنجامی سروشتی گوناهکردنە، بەوەی سەرپێچی کارێکی ڕەوشتییە و لە هەمان کاتدا سەرپێچیکردنی خودایە"(قابیل: ٢٠١٦ : ٥٥٨)، قەدیس بوڵس دەڵێت: "بەهۆی مرۆڤەوە خراپە بە جیهاندا بڵاوبووەوە، بەهۆی خراپەشەوە مردن هاتە ئاراوە"(عبدالخالق: ٢٠٠٥: ٥٧٢)، یاخود بەشێوەیەیەکی تر "بەهۆی مرۆڤەوە تاوان لە ژیاندا جێبەجێکرا، وە لە ڕێگەی تاوانیشەوە مردن جێبەجێکرا" (بدوي: ١٩٤٦ : ١٦٧)، ئەم دەرپرینە پێمان دەڵێت، کە ئایینی مەسیحی وا لە مردنی ڕوانیوە، کە سەرچاوەکەی هەڵە و تاوانە و لە سزای ئەو هەڵە و تاوانەدا مردن هاتۆتە ئاراوە، تێڕوانینی مەسیحی بۆ ژیان و مردن بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە پەیامبەر(مەسیح)ەوە و لە ڕوانگەی ئەوەوە ژیان ئاراستە دەکات.

لە ئاینی ئیسلامدا "مردن گواستنەوەیە لەتێوان دوو ژیاندا، نەک کۆتایی هەمیشەیی یان کۆتایی ڕێگاکە بێت، بەڵکو ئەو دنیا مانی بڕیاردانە و بەهیچ شێوەیەک مردنی تیادا نییە و بەڵکو ژیانێکی هەمیشەییە"(عبدالخالق: ٢٠٠٥: ٥٧٤)، لە ئاینی ئیسلامدا "مردن تەنها بۆ لاشەکانە نەک ڕۆحەکان، چونکە ڕۆحەکان بە نەمری دەمێننەوە و ڕۆژێک دێت ڕۆحی تاکەکان لەگەڵ ڕۆحە گەورەکان یەک دەگرنەوە، بۆ ئەوەی بە نەمری و خۆشی بمێننەوە" (العودات: ١٩٨٦ : ٤٥)، دنیابینی ئیسلام سەبارەت بە مانای ژیان ئەوەیە، (کە باوەڕی وایە ژیان لە یەککاتدا مانادارە و هاوکات بێ مانایە و دەبێت خۆمان مانای بدەینێ! باوەڕی وایە کە بەشی سەرەکی جیهان و ژیان، کە بەیاسا و سیستێم و ئەندازەگیری بەڕێوە دەڕوات و هێزێکی لە پشتەوەیە، ئەگەرچی خودی پەیوەندیکردنی خودا بە مرۆڤەوە لە ڕێگەی وەحیەوە بەشێک لەوەی بۆ ئاشکرا کردووە، تا مرۆڤ بە ناسین و هۆشیارییەوە مامەڵەی دروست و هاوئاهەنگی،لەگەڵ بوون و ژیاندا بکات، بۆیە ژیان بێمانا و بێهودە نییە). (حەمە کەریم، ٢٠١٤: ٣٢)، هەروەها "مردن کۆتایی ژیانە بۆ هەموو ئەوانەی سیفەتی ژیانکردنیان دەدرێتە پاڵ"(قابیل:٢٠١٦: ٥٥٨)،واتە "مردن لە ئایینی ئیسلامدا ئەو نادیارە نییە، کە ترس و لەرز بخاتە دەروونەوە، بەڵکو وێست و توانای خودایە کە لەم دنیا ژیانێکی کاتی بژی و ژیانیکی هەتاهەتایش لەو دنیا، واتە مردن گواستنەوەیە لە ئێوان هەردوو ژیانەکەدا نەک کۆتایی، بەڵکو ئەو دنیا مانی بڕیارە، کە بەهیچ شێوەیەک مردنی تیا نییە، بەڵکو ژیانی هەمیشەییە" (قابیل: ٢٠١٦ : ٥٧٤)، لە ئاینی ئیسلامدا مردن کۆتایی ئەرک و بەرپرسیارێتییە بۆ کەسانی لەخوا ترس و موسڵمان، ئەویش بە مژدەی ئەو بەهەشتەی لە چاوەڕوانی مرۆڤە باشەکاندایە.

ج- لە ڕوانگەی فەلسەفەوە:

تێڕوانینی فەلسەفە بۆ ژیان و مردن جیاوازە و فەلسەفە هەموو هەوڵەکانی بۆ ژیان و باشترکردنی ژیانە نەک مردن، مردن لە فەلسەفەدا جیاوازە لە مردن لە ئایندا، خودی فەلسەفەش "تێڕامانە لە ژیان و لە مردن، هەروەها لە وێنەکان، ئەم تێڕامانەش تێڕامانێکی ڕاستییە، مادەم دەروون بەندکراوە لە جەستەدا، بۆیە پێویستە لە جەستە ڕزگاری ببێت"(بدوی: ١٩٦٢ : ١٥)، مردن لە فەلسەفەدا "بوونێکی ئامادە و فراوانی هەیە، بەشێوەیەک یەکێکە لە پرسیارە سەرەکییەکانی بوون، بەوەی پرسیارێکە لە میتافیزیک و پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە و هەوڵیداوە تێڕامانە میتافیزیکییەکان لەم بارەیەوە بکاتە هەوڵدانی بیری و عەقڵانی، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەوە ڕوونبۆتەوە، کە هێزی مردن زۆر بەهێز و کۆشندەیە و هیچ شتێک ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە" (ڕەئوف: ٢٠٢٣ : ١٦٢)، سوقرات و ئەفلاتون بۆچونیان وایە، کە "ڕۆح و جەستە دوو یەکەی جیاوازن و هەریەکەیان سروشتێکی جیاواز و دەرئەنجامێکی جیاوازی هەیە" (عبدالخالق: ٢٠٠٥: ٥٦٥)، هەر لەم ڕوانگەیەوە سوقرات دەڵێت:"ژیانی مرۆڤ پەیڕەوکردنی مردنە و ژیانی فەیلەسوفیش ئاراستەکردنە بەرەو مردن، لەبەر ئەوەی هەمیشە بەئاگایە لەوەی تەمەنی هەمیشە لێی کەم دەکات و ئەو بۆ مردن ئەژی"(الحفني: --- :٨٥٢)، سوقرات لای وایە "مردن ڕەنگە خێردارترێبێت لە ژیان و مردن یان ئەوەتا خەونێکە بەبێ خەوبینین، یان کۆچی گیانە بۆ دنیایەکیتر"(شورون: ١٩٨٤: ١٤٧-١٤٨)، یان دەڵێت:"ڕەنگە مردن باشترێبێت لە ژیان، و مردن ڕێگەمان پێدەدات کە بەدووربین لە بێتوانایی و خەموکی پەیوەست بە پیرییەوە"(عبدالخالق: ٢٠٠٥ : ٢٢)، بڕوای وایە کاتێک (کەسێک کە دەمرێت، یان دەبێتە نەبوو و هیچ هەستێکی نامێنێت، کە ئەگەر بەم شێوەیە بێت دەستکەوتێکی سەرسوڕهێنەرە، یان کە وەک دەوترێت گەشتێکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کە هەموومردووەکانی تێدایە، ئەمەش ڕزگاربوونە لەم نادادپەروەریەی ئێرە و شادبوونە بە دادپەروەری ڕاستەقینەی ئەوێ، ئەگەر ئەمەش ڕاستبێت ئەوا من چەندین جار ئارەزووی مردن ئەکەم)،(افلاطون:٢٠٠١: ١٣٥)، ئەمەش بەو مانایەی فەیلەسوفەکان لە ڕوانگەی ئاگایانەوە و هەستکردن بە دەوروبەر و بیرکردنەوەی بەردەوام، لە چێژ و خۆشییەکانی ژیان بێبەش دەبن، هەربۆیە کاتێک سوقرات بڕیاری مردنی بەسەردا درا دەیتوانی بە لێهاتوویی خۆی لەو مردنە دەرباز بکات، بەڵام ئەو مردنی هەڵبژارد، بۆئەوەی بە هاوەڵەکانی بڵێت، مردن هی ئەوە نییە لێی بترسی.

کەواتە مردن لە مانا بنچینەییەکەیدا "واتای وشکبوون و بێدەنگبوون دەگەیەنێت، بەمەش بریتییە لە نەمان و کۆتایی هاتن بە ساتەکانی کاتی ژیان و بوون، بەم پێیەش مردن تەواوی شتەکانی گەردوون دەگرێتەوە، چونکە هەر سەرەتایەک کۆتاییەکی هەیە و هەموو کۆتاییەکیش واتە وەستان و وشکبوون، هەموو وشکبوونێکیش واتە مردن"

(ڕەئوف: ٢٠٢٣: ١٦١)، مردن لە فەلسەفەدا "وەستانی فیزیکی ژیانە، بۆ نموونە مردن لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە، وەک ڕزگاربوونە، و ڕێگە بە خود دەدات ئازادبێت لەو زیندانەی تێیدایە، واتە (جەستە) و بە چارەنوسی ئاشنابێت کە دەڵێت: "مردن ئازادبوونی گیانە لە لاشە" (قابیل: ٢٠١٦: ٥٦٢)، واتە مردن لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە "پردێکە دەمانپەڕێنێتەوە لە ژیانی گیانەوە لەناو جەستەدا، بۆ ژیانی گیان لە جیهانی وێنەدا، مردن دەستپێکی ژیانی ڕۆحی ڕاستەقینەیە و ئەو دەرگایەیە کە لەسەر هەتاهەتایی دەکرێتەوە"(بدوي: ١٩٤٦ : ١٧٠)، بۆچونی ئەفلاتون سەبارەت بەمردن، بۆ ئەوە نییە کە فەیلەسوف بۆ مردن ئەژی، بەڵکو مەبەستی ئەوەی مادەم نەفس دەستگیرکراوی جەستەیە، کەواتە هەر ئەبێت ڕۆژێک لێی دەربازبێت، کە ئەمەش بەمردن دەبێت، کە ئیتر مردن کۆتایی هەموو ئازار و هەستە ناخۆشەکانە و حەوانەوەی هەمیشەییە.

ئەرستۆ دەڵێت: "مردن نەمری (خلود) ئەقڵە"(شورون: ١٩٨٤: ٦١)، و ئەقڵ بەردەوامی پێدەری ژیانە، بە بۆچونی ئەم (گیان بە جەستەوە بەستراوەتەوە، هەروەکو بینین کە پەیوەستە بە چاوەوە)،(برهیه: ١٩٨٢: ٢٩٥)، بەبڕوای ئەرستۆ مرۆڤ و زیندەوەرانی تر لە ڕووی مردنەوە وەک یەکن، ئەوەی جیایان دەکاتەوە بوونی عەقڵە لە مرۆڤدا، بەم پێیە چەمکی نەمری لای ئەرستۆ (نەمری ئەقڵە) و لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بە نەمری بمێنێتەوە.

فەیلەسوفی ئیغریقی هیراقلیتس دەڵێت:"هەموو ئەو شتانەی دەیبینین مردنە"(قابیل:٢٠١٦ :٥٦١)، بەو واتایەی مردن ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیە و هەمیشە لەگەڵماندایە، لە فەلسەفەی یۆنانیدا تێڕوانینی دژ هەیە سەبارەت بە ژیانی دوای مردن، بە بۆچوونی ئەپیقۆر،کە لە سەدەی یەک و دووی زایندا ژیاوە، بیر و بۆچونی دەربارەی ژیان و مردن وا بووە، کە (ژیان دەکرێت باشبێت، ئەگەر مرۆڤ بزانێت و فێربێت چۆن بژی و چۆن بمرێت، تا مرۆڤ لە ژیاندا بێت، مردن بوونی نییە، کە مردنیش هات، ئیمە بوونمان نییە، بەم شێوەیە دڵە ڕاوکێ نە لەلای زیندوو نە لەلای مردوو دروست ناکات)، (شورون: ١٩٨٤: ١٥٩)، کە بەم شێوەیە هەوڵی چارەسەرکردنی ترسی مردنی داوە و لای وایە کە لە دوای مەرگ ژیانێک نامێنێت و مەرگ ونبوون و نەمانی سەرجەم هەستەکانە، بە جۆرێک کاتێک لە ژیانداین ئەوە مەرگ لێرە نییە و کاتێکش مەرگ هات ئەوکاتە ئیمە لێرە نابین، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەفلاتوون بووە، کە لای وابووە ڕۆح پێش جەستە هەبووە و لە دوای نەمانی جەستەش هەر دەمێنێت.

هیگڵ دەڵێت:"مردن ئاشتبوونەوەی ڕۆحە لەگەڵ خۆیدا" (شورون: ١٩٨٤: ١٧٧)، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئازاد بوونی ڕۆحە، بۆچونی دەربارەی مردن بۆچوونێکی سۆفیانەی ئاینیبە و بۆچونی وایە (نەمری سیفەتێکی ئامادەیە لە گیاندا، نەک ڕووداوێکی داهاتوو)،(شورون: ١٩٨٤: ١٧٧)، واتە گیانی مرۆڤ بەشێکە لە یەکێەتی بوون و خودا، لە مردندا ئەم یەکێتیە ئاسایی دەبێتەوە.

شوپنهاوەر دەڵێت: "مردن ئامانجێکی ڕاستە بۆ ژیان"(شورون: ١٩٨٤: ١٨٩)، کە ژیان بە بێ مردن ناتەواوە و بونی مردنە وا دەکات ژیان جوانتر ببینین، بۆچونی وایە (مرۆڤ بۆچی لە مردن بترسێت، لە کاتێکدا ژیان ئەوەندە ناخۆشە؟! کەواتە شتێکی ئەوەندە بەنرخ لەدەست نادات تاوەکو دەستبەرداری ژیان نەبێت)،(دیکارت:٢٠٠٥: ٦٤-٦٥)، لە لایەکی تریشەوە باوەڕی بە نەمری هەبووە، بە پێچەوانەی ئەمەوە سارتەر دەڵێت: (هەرگیز مردن واتا بە ژیان نابەخشێت، بە پێچەوانەوە ژیان لە هەموو واتایەک بێبەری دەکات) (شورون، ١٩٨٤، ٢٧٦)، واتە مردن کۆتایی هەموو شتەکانە، ئەمەش گرنگی دانە بە ژیانی مرۆڤ لە کاتی ژیان کردندا نەک لەدوای ژیان و مردن.

بە باوەڕی دیکارت "لەش و گیان ئاوێتەی یەکتری بوون و یەکەیەکیان پێکهێناوە، بەڵام هەریەکەیان سروشتی تایبەتی خۆی هەیە" (دیکارت:٢٠٠٥: ٦٢)، بە بڕوای ئەم گیان یەکەیەکی سەربەخۆیە و لە پاش نەمانی جەستەش واتە مردن، هەر دەمێنێت.

فیورباخ مردن دەکات بە (مردنی مردن، کاتێک کۆتایی بە ژیان دەهێنێت، واتە کۆتایی بە خۆیشی دەهێنێت)، (دیکارت:٢٠٠٥: ٦٥) واتە بە هاتنی مردن خودی مردن خۆیشی نامێنێت و کۆتایی پێدێت و هیچ شتێک لە دوای پرۆسەی مردن بوونی نییە، مردن تا ئەو کاتە بوونی هەیە کە لە ژیاندایە و بیر لە مردن دەکەینەوە، بەڵام کاتێک مردن ڕوو دەدات، ئەوا هەم کۆتایی بە ژیان دەهێنێت و کۆتایی بە خودی مردن خۆیشی دەهێنێت و شتێک نامێنێت بە ناوی مردنەوە، بۆچوونی دەربارەی نەمری لەوەدایە، کە (لە یادگەی نەوەکانی داهاتوودا بژین)،(شورون:١٩٨٤: ٢٢٥)، واتە مرۆڤ تا لە ژیاندایە بەکار و کردەوە و داهێنانەکانی نەمری خۆی لە یادگەی نەوەکانی داهاتودا تۆمار بکات، نەک لەناو خودی مرداندا.

فیساگۆرس کە یەکێکە لە فەیلەسوفە دیارەکانی گریک و یۆنان، لای وایە (گیان لەناو لەشدا زیندانییە و دوای مردن ئازاد دەبێت و پاش ماوەیەک پاک دەبێتەوە و دەچێتە ناو لەشێکی تر، ئەم پرۆسەیە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و جار لە دوای جار پاکتر دەبێتەوە، تا دەگاتە قۆناغی کۆتایی، کە یەکگرتنە لەگەڵ خودادا)، (شورون، ١٩٨٤، ٣٥).

دیۆد هیوم بۆچونی وایە، کە ئەم ژیانەی ئێستا تاکە ژیانە و پێویستە بەختەوەری تیا بەدیبێنیت و مرۆڤ بە خۆشی ژیان بکات، چونکە (تاکە ژیانە بوونی هەبێت، بەڵام نەمری درۆیەکی دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستە، بۆچونی دەربارەی مردن وایە، کە ترس و تۆقاندن لە مردن، واتای ئەوەیە، کە مردن کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێت)، (شورون: ١٩٨٤: ١٥٧-١٥٩)، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم ژیانەی مرۆڤ تیا دەژی و ترسی مردن ڕەوتی ژیان لە مرۆڤ نەشێوێنێت.

میشیل فۆکۆ ئەڵێت: (ململانێی مرۆڤایەتی گرانترین و قورسترین میراتییە لە سەدەی نۆزدەوە بۆمان ماوەتەوە، ئێستا کاتی دەربازبوونە لێی، ئەرکی ئێستامان کارکردنە بۆ ڕزگاربونی تەواوەتی لەو ململانێیە» (الداوي :---: ١٢٦)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت«کاتێک بانگەشەی کتوپڕی (مردنی مرۆڤ) یان کرد، ئەمە ئاگادارکردنەوەیە بۆ کۆتایی هاتن بە سەردەمی ململانێی مرۆڤایەتی، (مردنی مرۆڤ) کە کردیە چەقی بیرکردنەوە و بەهاپێدانی، مرۆڤی بە ئاگا و بەرپرس، خاوەنی کار و کردەوەکانی، مرۆڤی خاوەن هیوا و ئامانج و ماف و ئەرک..، ئەم بونەوەرە غەریبە لە بیری فۆکۆدا هیچ نییە، جگە لە بونەوەرێکی تازەی سەردەم(حديث العهد)، لە بیری ڕۆژئاوادا، کە لە ڕابوردوودا ئەم ڕۆشنبیرییەی نەبووە و بە ونبوونی، ئەم ململانێی مرۆڤایەتییە لەناو ئەچێت (میژوو، بیر و گفتوگۆ، خەونی ڕزگاربوون...!). (الداوي : ---: ١٣٠)،هەر لەکۆنەوە مرۆڤ ترسی لە مردن هەبووە، چونکە دوای مردن نادیارە و ترسی لەو نادیارییە بووە و وێڵی وەڵامی ئەو پرسیارە بووە لە دوای مردن چی.؟ چونکە وەڵامێکی ڕەهای دوای بوون نییە.

٢- دوالیزمی دژ لە بازنەی لۆگۆسەتەریزمدا :

"زاراوەی دوالیزم – dualism – ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی ئەنتۆلۆجی لە بوارێکی دیاریکراودا بەسەر دوو کۆمەڵی لە یەک جیا یان دوو جەمسەری بەرامبەر یەک"(تشاندلر: ..... : ٢٦)، لە دوالیزمدا واتاو چەمکەکان بە ئاراستەی دژ و پێچەوانەی یەکتردەڕۆن، نەک گونجاو وەک: (زیندو / مردو، هەبوون / نەبوون، خێر

/ شەڕ.....)، ئەم دژانە هەمیشە بە دوای یەکتریدا دەگەڕێن و لایەکی دوالیزمەکە دەبێت بە تەواوکەری لایەکەی تر، لە هەمان کاتیشدا لە ململانێ و ڕکابەری یەکتریدان، وە هەموو دیاردەکانی گەردوون لەسەر بنەمای دوانەی دژبەیەک دروست بوون، تەنانەت ئەو ڕاوبۆچوونانەش کە لە گەردوون دەکۆڵنەوە و ڕاڤەی دەکەن، بەهەمان شێوە دابەش بوون بەسەر دوانەی دژبەیەکدا"(اللاذقاني: ٢٠٠٢ : ٩٨).

دوالیزم بە واتا فەلسەفیەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە دەتوانێت ئەو دیاردانە پێکەوە کۆبکاتەوە کە سەربەخۆن، بەو مانایەی کۆکەرەوەی لەیەک نەچووەکانە، کەواتە دژەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و دەچنە ناو یەک، لە کاتێکدا کە دژەکان لە چەمکی فەلسەفی و لۆژیکیدا یەکتری ڕەت دەکەنەوە، کەچی لە چەمکی دوالیزمدا دواجار ڕۆڵی یەکتری تەواو دەکەن، هەر بۆیە لە ئەدەبدا دوالیزم هەڵگری واتاو چەمک و دەلالەتی خۆیەتی، جیاوازە لە دوالیزمی ئاینی و فەلسەفی، چونکە ئەم چەمکە بۆ ستاتیکا و بەخشینی سیمایەکی ئەدەبیانەیە بە دەقەکان، یان بە ئاراستەی جیاکردنەوەی وشەو واتایە، لە ئێوان دال و مەدلول، هەر بۆیە دوالیزمی وشە لەناو دەقی ئەدەبیدا کار لەسەر هەست و سۆز و دنیابینی خوێنەر دەکات، زۆر جار وشەکان لە واتا فەرهەنگییەکەیان دوردەکەونەوە، واتای نوێ و وێنەی نوێ دروست دەکەن، هەروەها دوالیزم بەواتای جیاکردنەوەی بابەت و خود دێت، بەو پێیەی فۆرمێکی مەجازی هەیە و ڕاستەوخۆ لە واقیع نادوێت، و کار لە ناو زمان و خەیاڵ و ئەندێشە و ستاتیکا و وێنەی هونەریدا دەکات، و کەشێکی ئەدەبی دێنێتە کایەوە و ستاتیکای دەقی ئەدەبی دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵاتر. کاریگەری بیر و ئەقڵگەرایی مرۆڤ لەسەر یەک پایە و کۆڵەکەی فیکری لە ئەدەبدا نەوەستاوە، هەر لە ڕۆمانسیەتەوە بەرەو بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوە و قۆناغە نوێکانی تر هەنگاوی ناوە.

دژ یەکبوون یەکێکە لە بنەما و خەسڵەتەکانی ژیان و گەردون، چونکە دوالیزم و دوالیزمی دژیەک "یەکێکە لە گەورەترین چەمک و ڕەگەز و ڕەهەندی پەیبردن بە شوناس و چییەتی خودی مرۆڤ و ژیان و بوون، چونکە بنەمای جیهان لەسەر دوانەیی و دژیەکبوون دامەزراوە و جیهان و مرۆڤ لە سەر بنەمای هێزە دژەکان خولقێنراون." (عەبدوڵڕەحمان: ٢٠١٤:٢٩)، مرۆڤ لە ئەنجامی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوون و تێڕوانینی لە دەوروبەر، زۆربەی چەمکەکانی لەسەر بنەمای لێکدژییان دابەشکردووە بەسەر دوانەیەکی لێکدژدا، وەک (شەو/ڕۆژ، ڕەش/سپی، نێر/مێ، باش/خراپ، سارد/گەرم، جوان/ناشرین.....تاد)، هەر لێرەوە چەمکی دوالیزم لە مێشک و ئاگایی مرۆڤدا چەسپاوە. "دوالیزم، بریتیە لە مەبدەئ پێکەوە بەستنی ئێوان دوو تاک، کە لە کۆتاییدا یەکەیەکی تەواوی لێ بەرهەم دێت" (خلیل: ١٩٩٥: ٥٢)، کە ئەم دوانە لە بنەمادا پێچەوانەی یەکن و لەسەر بنەمای دژ یەکانگیر دەبن و دەچنە نێو کێڵگەیەکی دەلالییەوە و کاتێک باس لەیەکێکیان دەکرێت ڕاستەوخۆ دژەکەی بەبێ ناو بردنیشی ئامادەیی دەبێت.

خوێندنەوەی ئەدەبی دریدا بریتییە لەوەی "کاتێک کە خوێنەری دەقێکی ئەدەبی، ئیتر بڕوای بە میتافیزیکی حزور نەما، ئینجا دەتوانێت ئازادانە دەقەکە بخوێنێتەوە و جێگای وشە دژیەکەکان بە ئاسانی بگۆڕێتەوە و لە ئەنجامی خوێندنەوەکەدا بە واتایەکی دژ بەو واتایە کە لە مێشکی نوسەری دەقەکەدا هەبووە بگات"(سەجادی:٢٠٠٠: ١٤٥)، هەر بۆیە ئەو ئازادییە بە خوێنەر دەدات، کە لە بەرامبەر میتافیزیکای ئامادە بوەستێتەوە.

بە شێوەیەکی بنەڕەتی "بەدیهێنانی مانا لای بونیادگەرەکان و ئەوانیتر لە میانەی دوانە لێکدژەکانەوە بەدیدێت یان بەرهەم دێت، واتە وشە و دژەکەی، بە نمونەی خێر/شەڕ، ڕووناکی/تاریکی، ژیان/مردن، بە پێچەوانەوە لای هەڵوەشاندنەوەگەرەکان، بە نائامادەیی مانای بەردەوام لە ڕێگەی (جیاوازی و دواخستن)ەوە دەلالەت بەرهەم دێت، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هێنانەدی مانادا"(محەمەد:٢٠٢٠:٨٢)، بە گشتی مانا دوا دەخرێت و لە نا ئامادەیی مانای سەرەکیدا مانا بەرهەم دێت.

٣- لۆگۆسەنتەریزم Logocentrism:

یەکێك لە بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە کە جاك دریدا بەکاریهێناوە Logocentrism ە، بەواتای گردبوونەوە بەدەوری عەقڵدا، یان میتافیزیکای ئامادە، Logos (کە وشەیەکی یۆنانیە بەواتای (ئاخاوتن،قسە)، یان عەقڵ و مەنتیق دێت، کە کێڵگەیەگی دەلالی فراوانە، دەلالەتی زاراوەکەش بە ئامانجی بڵاوبونەوەی ئامادە و گردبوونەوە بە دەوری (ئاخاوتن) و (عەقڵ) و مەنتیقدا بووە(دریدا: ٢٠١١: ٣١)، ئەمەش بەو واتایەی کە هەمیشە دەسەڵاتێک لەدەرەوە هەژموونی خۆی بەسەر وشە و دەقدا دەسەپێنێت و ئاراستەیان دەکات و واتایان پێدەبەخشێت، بە شێوەیەکی گشتی لە وشە دژیەکەکاندا هەمیشە یەکێکیان ناوەکییە و ڕۆڵی سەنتەر ئەبێنێ ئەوی تریان دەرەکیە و بەدەوری چەقدایە و ڕۆڵی لاوەکی دەبینێت، وشە ناوەکییەکان وەک: خودا، عەقڵ، بوون، مزگەوت، حەقیقەت، ڕووناکی، ڕەش، جوان، مردن ...تاد، بۆ هەریەک لەم چەقانە یەک یان چەند وشەیەکی دژ یان جیاواز هەیە، لە ڕاستیدا بنەمای لۆگۆسەنتەریزم "ئەوەیە زمان نوێنەری بونیادێکە لە ئاماژەپێدانە بێکۆتاکان، کە تیایدا هەر دەقێک ئاماژە بەدەقێکی تر و هەر نیشانەیەکیش ئاماژە بە نیشانەیەکی تر دەکات"(قطوس: ٢٠١١: ٢٠)، بەم پێیەش ئاماژەکان هەمیشە لە گۆڕان فراوان بوونداں بە پێی لێکدانەوەی تاکەکان و بارودۆخ و دەوروبەر، دریدا مەبەستێتی "ئەو دەلالەتانە تێکبشکێنێت کە لە لۆگۆسەوە سەرچاوە دەگرن، تاوەکو دەلالەتی نوێ و جیاواز بێتە کایەوە و لە لۆگۆس و میتافیزیکای ڕۆژئاوا بەدەربێت".(قادر: ٢٠١٩: ٨٢)، خودی هەڵوەشاندنەوە "تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو واتایانەیە کە لە لۆگۆسەوە سەرچاوە دەگرن بەتایبەتی واتای ڕاستەقینە" (کۆفمان: ١٩٩٤ : ١٣)، دریدا لە دژی هەر جیاکارییەکە و نایەوێت چیدیکە ئەو لۆگۆسە هەژموونی بەسەر کۆی کایە ئەپستمییەکانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەمدا بمێنێت، چونکە لۆگۆس مەرج نییە جێگیربێت و بۆ هەمیشە پاریزگاری لە ناوەندێتی و دەسەڵات و هەژموونی خۆی بکات.

بەشی دووەم
شەهید مەلا عەلی شایری ژیان

شەهید مەلا عەلی یەکێکە لەو شایرە کوردانەی زەمەنی شایریێتی کەمە، بەڵام پڕ ماناو بەرهەمدار، بەو مانایەی ئەوەی لەو ماوەیەدا نوسیویەتی بریتییە لە خوێندنەوەی هەست و نەستی شایرێکی خەباتگێڕ بەرامبەر دۆزی گەلەکەی، بەمانایەکی تر خستنە ڕوی هەست و هەڵوێستی کۆی کوردانە بەرامبەر بەو ستەمانەی لە ڕابردوو و ئێستادا لێیان دەکرێت.

١- بایۆگرافیای شەهید مەلا عەلی: ناوی تەواوی (حسێن مەولوود ئەحمەد خدر حسێن)ە لە ساڵی ١٩٥٣ لە دێی بەربەرد لە ناحیەی ماوەت سەر بە قەزای شاربازێڕ لە خێزانێکی هەژار لەگەڵ برایەکیدا بە ناوی (ئەحمەد) پێکەوە لە دایک بوون، لە ساڵی ١٩٥٨ ڕۆیشتوون بۆ دێی کۆکەی ناحیەی سوورداش سەر بە قەزای دووکان.

هەرچەندە لە خێزانێکی جووتیار و هەژار لە دایک بووە، بەڵام لایەنە ئەدەبییەکەی فەرامۆش نەکردووە و هەمیشە لە هەوڵی خۆڕۆشنبیرکردندا بووە، تاوەکو قۆناغی دووی

کۆلێجی ئاداب بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی خوێندووە، بەڵام لەبەر ئاشکرا بوونی خەباتی نەێنی وازی لە خوێندن هێناوە، چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە:

١- کورتە چیرۆک (شانەی گەنم، کۆچەری، سێبەری سابات، دارەبەن)

٢- دیوانی شیعری کلاسیکی و نوێ زیاتر لە سەد لاپەرە

٣- وەرگێڕان, أ- وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکی لە (الأرواح المتمردة) ی جبران خەلیل جبران بۆ کوردی

ب- وەرگێڕانی پەڕاوێکی بڕیار لەسەر دراو بۆ خوێندنی کۆلێجی ئاداب بۆ زمانی کوردی

ج- گۆڕینی هەندێ نامیلکەی ماو (يوميات جوندي فيتنامي) لەگەڵ هەندێ شیعری مەحمود دەرویش (سروودەکانی بەرگری فەلەستین)... هتد.

لەگەڵ چەند چاوپێکەوتنێک و ڕۆژنامەی ژیان و ڕاپۆرت ، بەڵام بە داخەوە زۆرینەی هەرە زۆری نوسینەکانی لە دوای گرتنی لە ڕۆژی ١٩٧٩\١١\٣٠ فەوتاون، ئەو هۆنراوانەی ناو دیوانەکەی سەرجەمیان لە ژووری سێدارەدا لە ماوەی پێنج مانگ و بیستودوو ڕۆژ دا نوسراوون و لە شەوی ٢٢ لەسەر ١٩٧٩\٧\٢٣ بە شێوەیەکی زۆر قارەمانانە چووە بەر پەتی سێدارە و بە هەڵوێست و هۆنراوەکانی نەمری هەتا هەتایی بۆ خۆی و سەرجەم هاوڕێیازەکانی تۆمار کرد. تەنانەت لە دوا ساتەکانی ژیانیشیدا کارنامە و ئامانجەکەی لەیاد نەکردووە و لە بیری دواڕۆژدا بووە، لە نامەیەکیدا بۆ(ئەحمەد مەولوود)ی برای کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ لەسێدارەدان بە گیانێکی پڕ شکۆوە دەڵێت "چاوەکەم مردن ئەو شتە ترسناکە نیيە کە (توقع)مان دەکرد، هەروەها مەسەلەی عەقیدە شتێک نیيە بگۆڕێت، زەق زەق لە پەتەکە وردبیتەوە و هێشتا پتر سوور ئەبی لەسەر بیر و باوەڕەکەت ئەگەر ئەو بیر و باوەڕە (ئیلحاد)یش بێتت" (دیوانی شەهید مەلا عەلی:٢٠١١:٥٤)، لە نامەیەکی تریدا بۆ (ئەحمەد مەولوود) ی برای کە دواشەوی ژیانێتی و لەگەڵ هاوڕێکانی چاوەڕێی سێدارەن، لە کۆتایی نامەکەیدا کە بە شێوەی وەسێت نامەیەکی بچووکە دەڵێت :" سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان و بۆ هەموو خزمان گەورە و بچووک پێی ناوێ خەفەتم بۆ بخۆن مردن ڕێگای هەموو کەسە.

ناوی شۆڕشگێڕانە بۆ منداڵەکانتان دابنێن، ئەو نووسینانەی بەجێ ماون بۆم چاپ بکەن بە تایبەتی شیعرەکان.

گەردنی هەموو کەس ئازاد بێت

لە شەوی ٢٢ لەسەر ٧/٢٣ کە ئەمشەو مانگاوایی یەکجاری ئەکەین لەگەڵ ئەڵوەند عومەر و عەلی حاجی حسێن.

ئیتر خۆشیتان

برات حسێین ١٩٧٩/٧/٢٢" (دیوانی شەهید مەلا عەلی:٢٠١١:١٠٠)،

هەر ئەو شەوە نامەیەکی ئاراستەی باوک و کەسوکاری کردووە و دوا نامەیە کە نوسیویەتی بۆ کەسوکاری (لە سەعات ١٥: ١١ی شەوی ٢٢لەسەر ٧/٢٣ لە چاوەڕوانی خنکاندنیدا) (دیوانی شەهید مەلا عەلی:٢٠١١:١٠٤).

کەواتە بیر و باوەڕ بە دۆزەکەی ئەو پاڵنەر و کۆڵەکە بەهێزەیە کە ئیلهام بەخشی بووە و بەو شێوە نەبەردیيە ڕووبەڕووی جەلادەکان بۆتەوە، هەر لە سەرەتای دەقەکەوە هەست بەو پاڵنەرە دەکەین و لە یەکەم کۆپلەوە ئامانجی دەقەکە ئاراستەکەی دیاری دەکات و لای ڕوونە دوا هەنگاوەکانی بەرەو کۆێیە. کاتێک خوێندنەوە بۆ ئەم دەقە دەکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زەمەنی دەق، گەڕانەوەش بۆ زەمەنی دەق گەلێک ڕایەڵ لە خۆدەگرێت و سەرچاوەلێگرتنی دەق ڕۆڵی گرنگ بە دەقەکە دەبەخشێت، زەمەنی نوسینی دەق کات و شوێنێکی نەخوازراوە، کە هیچ مرۆڤێک ئاواتی پێ ناخوازێت، کات سەردەمی دەسەڵاتی تۆقێنەری حیزبی بەعسە سااڵنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، شوێن زیندانێکی تونخ و تاریکی پڕ لە لێدان و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و دارمانی مرۆڤە لە سەرجەم بەها مرۆڤایەتییەکان، وردتر شوێنی شاعیر ژوری سێدارەیە، بەو واتایەی ژوری چاوەڕوانی مەرگ، کە لەهەر سات و کاتێکدایێت، جەلادەکان دەرگای ژورەکە دەکەنەوە و شاعیر قۆڵبەست دەکەن و بەرەو مەرگ ڕاپێچی دەکەن.

٢- لۆگۆسینترالیزمی ژیان و مردن لە دەق (ڕا دوور و خزم دوور کەسم دوور)ی شەهید مەلا عەلی دا:

ئەم دەقەی مەلا عەلی لە دیوانەکەیدا هیچ ناونیشانێکی نییە، بەڵام لە ڕوانگەی دەقەکەوە بە (ژووری سێدارە) ناوزەند کراوە، دەقەکە پڕاوپڕە لە خەبات و بوێری و کۆڵنەدان و بەردەوامی، کە بە ڕۆحێکی پڕ لە فیداکاری و شۆڕشگێڕی و بەرخوودانەوە نوسراوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەم هەڵوێستە شکۆمەندییە بێ بنەما و سەرچاوە لێگرتن نییە و دۆزێکی گەورەتری لە پشتەوەیە، کە ئەم ڕۆحی بەرگری و بەرخوردانەی تیادا چاندووە، کە لە لای شاعیر لە هەموو شتێک گەورەتر و بەرفرەتر، تەنانەت گیانی خۆشی ئەویش خۆشەویستی نیشتیمان و بیر و باوەڕ و کوردستانە.

"هەڵوەشاندنەوەی دەق بە بەردەوامی ململانێیی واتایە و ئەوەی دەق دەیدرکێنێ ئەوە نییە و ئەوەی نایدرکێنێ ئەوەیە"(عطية:٢٠٠٨:٢٢٣)، مەودای خوێندنەوەی دەق لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەوە مەودایەکی فراوانەو مامەڵە لەگەڵ کۆی دەقەکە و فەزای دەقدا بەشێوەیەکی فراوان دەکات، ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەق، وەک جێکەوت، کاریگەرییان لەناو دەقدا هەیە و بە میکانیزمی ناوەوەی نەسەق شیعری دەژمێردرێن و پێکهاتەی دەق شیعرین، ئەم دەقە خوێندنەوەیەکە تایبەت بە جێکەوت، کە لەسەر بنەمای جێکەوتی ڕەگەزەکانی تری دەق لە کۆنتێکستەکەدا پێک دێت و بە گەمەی جیاوازییەکاندا تێدەپەڕێ و بوار بە کەلێنەکانی دەق دەکاتەوە لە نێو ڕەگەزەکانی زماندا، جێکەوت لای دریدا هێمایە (هێمایەک بەردەوام جێ پەنجەی خۆی لەسەر توخمەکان دیاری دەکات، ئەو هێمایە دریدا ناوی دەنێت جێکەوت، واتە ئەو جێکەوتە بەردەوام لەنێو چرکەساتی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا خۆی دەسپێنێت، بە شێوەیەک وا لە توخم دەکات بکرێتە سەرچاوەی پێشووتری و بگێڕێتەوە (دریدا:٢٠١٥:١١٥)، لێرەدا جێکەوتی دەق ئەوە دەردەخات کە دەلالەتەکانی دەق دەبنە نوێنەری شتەکان، جیکەوتی ئەم دەقە ئەو ئایدۆلۆجیا و بیر و باوەڕەیە کە شاعیری پێ گۆشبووە و هێندە ڕۆچۆتە ناخ و هەستییەوە، کە ئامادەیە هەموو بەهاو جوانی و ژیانی خۆی پێ ببەخشێت، کە بەڕاستی ڕاستگۆ بوو لەگەڵ دۆزەکەیدا و پیرۆزترین شتی بەخشی کە ژیان و گیانی بوو، هەمیشە جێکەوت کاریگەری خۆی لەسەر دەق بەجێدەهێڵێت و خاڵی پەیوەندی نێوان ڕابردوو ئێستا و ئایندەیە و وا لە دەق دەکات بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی پێشووتری، کاریگەری و جێکەوتی ئەم دۆزە هێندە بەنرخ و گەورەیە لەلای، کە پەیامەکەی لەدوای خۆشی هەر بەردەوامە بۆ ئێستا و جێکەوتی لەسەر داهاتووش داناوە، بەمەش ململانێ و جووڵەیەکی خستووەتە نێوان زمان و وێنەی شیعرەکەوە، لە بەرامبەریشدا هێزی شیعرەکە بڕیتیيە لەو پەیامە ئایدۆلۆجی و ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕییەی دەیدات بەگوێی نەوەکانی ئێستا و ئایندەدا.

لەم دەقەدا دووبارە بوونەوە "دووبارەی ناوەوەی دەق نییە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزی فەزای زمانە، ئەم کاریگەرییە دەبێتە هۆی لادان و جیاوازییەکان"(حسين محمد:٢٠٠٩:١٨٤)، شەهید مەلا عەلی لە کۆی ئەم دەقەدا لە ڕێی وشە و

دەستەواژەکانی وەک (دوور، بەرەو ژوور، بەرەو سێدارە، خەنەی خوێن، ژووری سێدارە، ئەڵێن ئەمرێ لە ترسی مردن پەشێوە، مەرگی پێش مەرگی ئێوە، دوا ماڵی ژین، مردنی ناو جێ، دوا هەناسە، ڕێی گۆڕستان، ئەو مەرگەی لێم ترساوە)، کە مەبەست لە (دووبارە بوونەوەی واژەکان یان ئەرکە ڕەوانبێژیەکان نییە کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی پەیوەندییە دووبارەبووەکان، بەڵکوو مەبەست دووبارەبوونەوەی ئەسڵە، و توانای دووبارەی بەرهەمە لەژێر چەتری واژە دووبارەبووەکان و فرەییەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە پێناو بەدیهێنانی دەلالەتی جیاواز)،(حسین محمد:٢٠٠٩:١٨٤) کە دووبارەن سەرجەمیان مەدلولی دالێکن کە (مردن)ە، ئامادەییان هەیە لەێتو دەقەکەدا و هەریەکە لەم دالانە مەدلولێک یان چەند مەدلولێکیان هەیە، کە بە گشتی لە بازنەی مەرگدا دەخولێنەوە، مەرگیش بۆ خۆی سەنتەرە، لە دایکبوونی واتا یاخود بە دواهاتنی واتا (بڕێتیە لە زنجیرەیەک واتای لە دایکبوو لە کۆنتێکستی ڕستەی دەق شیعریداو لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی واژەکان، وا تاش بە شێوەیەکی بازنەییەو لە ئاستی تاکواتاییدا نامێنێتەوە، واتا لە واتایەکی دیاری کراودا ناوەستێ و بەردەوام دەبێت)(حسین محمد:٢٠٠٩:٢٠٠). کە لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی واتای دژ و جیاوازییەوە، وەک وشە و دەستەواژەکانی (یەکەم ماڵی نەمردن، پاش مردن، ڕۆژی هەستانەوە، لەو دنیاش، لەوێ لەێتو کوورەی شۆڕش ئاگرم) واتای دواخستووە و مەدلوولی جیاوازی بە مەرگ بەخشیوە و شوێنی لەقکردووە و هەڵیدەوەشێنێتەوە و مەرگ چیتر سەنتەر نییە، بگرە لە دواخستنی واتادا لە ڕێگەی مەدلولە نوێکانەوە (ژیان) شوێنی گرتووەتەوە و ئاراستەکەی گۆڕیوە، بەمەش شاعیر توانیویەتی ژیانێکی هەمیشەیی بۆ خۆی تۆمار بکات.

پێشخستنی بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیا یاخود پێشخستنی خود، شەهید مەلا عەلی ئایدۆلۆژیا و نەتەوەی هەڵبژارد و زاڵیکرد بەسەر هەڵبژاردنی ژیان و خودی خۆیدا و خۆی کردە قوربانی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکەی، کە ڕەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان بیتوانیایە لایەنی دووەم هەڵبژێرێت و خۆی لە پەتی سێدارە ڕزگار بکات. هەرچەندە ئەگەر بێت و زیاتر قوڵبینەوە و ژیان وەک خودی (ژیان) نەبینین و لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لێی بڕوانین، ئەوا شەهید مەلا عەلی هەم بیروباوەڕ و نەتەوە و ئایدۆلۆژیا و هەم ژیانیشی هەڵبژارد، بەڵام کامە ژیان! ئەو ژیانەی کە بۆ هەمیشە ناوی بە زیندویی بمێنێتەوە لە دوای نەمانی فیزیکی خۆشی.

ا- ناساندنی دوا ساتەکانی ژیان:

ئەو جۆرەیە کە شاعیر لە ڕێگەی دەقەوە شوناسی ژیانمان بۆ دەکات، کە بڕیتییە لە هەنگاونان بەرەو مردن، بەڵام بە شێوازی لەسێدارەدان، ئەم شێوازەش یەکێکە لە هەڵبژاردنەکانی خۆی لە بەرامبەر ئامانج و بیروباوەڕیدا، بە مانایەکیتر شاعیر لەگەڵ ئەوەی کۆتایی ژیانی بە وردی دەناسێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بە ورەوە باسی دەکات، چونکە بەر لەوەی دەست بداتە خەبات، ئەم ڕێگەیەو کۆتاییەکەی قبوڵ بووە، لە پێناو بیروباوەڕ و نیشتیمانەکەیدا، بۆیە دەڵێت:

برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور
بە نابەڵەد تەمەن ئەمبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە
خەنەی خوێنم لە پێ ئەگرێ: ئالای سوور

ئایدیاو بیری دەقەکە لەسەر ئەو چەق و سەنتەرە وەستاوە، کەبیرەکەی لێ بەرهەم هاتووە، شاعیر لێرەدا لە بازنەیەکی داخراودایە وەکو جەستە، دابڕاو لە خزم و دۆست و کەسوکار، لە دۆخێکدایە کە دەسەڵاتی خۆی تێدا نییە و بەپێ دڵی خۆی بەرەو ژوور بەڕێوەیە، واتە ژینی کۆتایی و ئەو دنیا جاویدانەی هەموو مرۆڤێک لەدوای مەرگ خولیایەتی، لێرەدا (ژوور) واتە مەرگ و سێدارە و کۆتایی ، لە کۆتاییدا (ئالای سوور) بەرگی کۆتاییەتی کە ڕەمزی شۆڕش و خەبات و بیر و باوەڕە.... تاد. (ژوور= کۆتایی = مەرگ) بە مانایەکیتر لێرەدا مەرگ دەبێتە چەقی سەرجەم ڕووداوەکان و کۆتایی هەموو شتەکان و سەنتەری کۆتایی و زاڵبوونە بەسەر سەرجەم کایەکاندا. باشە با بزانین ئەم لۆگۆس و چەق هێزە تا کۆتایی پاریزگایی لە خۆی دەکات و هەر بەو هێز و دەسەڵاتەوە دەمێنێتەوە و لەێتو دەقەکەدا لەگەڵ دژەکەیدا کە (ژیان)ە کامیان زاڵدەبن و پاریزگاری لە پێگەی خۆیان دەکەن، یاخود دەڵێت:

بەرەو ژووری، بەرەو ژوری سێدارە
ماندووی کردووم شوێنەکەم شێدارە
کە نیشانەی پەشیوی پێوە شێوەم
ئەوە بڕینی ئەشکەنجەیەو، جێدارە

ئەوەتە پەشێوی و ماندویی و تاد.، لە ئەنجامی ترس و پەشیمانی نییە، بەڵکو ئەوە ڕەنگدانەوەی ژینگە ستەمییەکەیە، بۆیە ئەمەشی بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە، کە کەس گومان لە پەشیمان نەبوونی نەکات.

خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە زیاتر خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندەوە و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە بنیاتی ئامادەیی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە لە پێناوی ئەوەی جارێکیکە بە شێوەیەکی نوێ فۆرمی دەقەکە بنیات بنێتەوە بەشێوەیەک جیاوازبێت لەو فۆرمە گشتییەی دەقەکە لە خۆی گرتووە، ئەمەش لە ڕێگای هەڵگەڕاندنەوەی دووانە لێکدژەکانی بنیاتی دەق و پێچەوانەکردنەوەیان چونکە خۆی لە خۆیدا دەق هەڵگری بنەمای جیاوازییە.

لەم دوو کۆپلەیەدا وێنەیەکی ڕیالیزمی ئەو واقیعە تاڵەی خولقاندووە، کە هەر زیندانییەکی حوکمدراو بەسێدارە لەو ڕۆژگارەدا تێیدا ژیاوە، کە ئەم وێنانە بۆ کات و چەندین شوێنی تریش لە هەمان بارودۆخدا گونجاون و هەمان واقیعە. لێرەدا شاعیر پەشێوی و گۆڕانی شێوەی ناگەڕێنێتەوە بۆ ترس لە دوژمن و سێدارە و مەرگ، بەڵکوو زۆر ئازایانە دەیداتە پاڵ ئەو نادادی و دڕندەیی جەلادەکان کە زۆر نا مرۆڤانە و دڕندانە مامەڵە لەگەڵ زیندانییەکان دەکەن، لە کاتێکدا کە بە مەرگیش حوکم دراون، بەڵام هەر بەردەوامن لە ئەشکەنجەدان و سووکایەتی پێکردن و ئازاردانی دەروونییان، دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و ئایینی و مافی مرۆڤ.

ب- مردن وەک ئامانج:

شاعیر پێشتر لە پێناوی سەرخستنی بیر و باوەڕەکەیدا مردنی وەک ئامانج بەدیکردوە و هیچ سڵێکی لەو ڕاستییە نەکردۆتەوە کە مردن یەکێکە لە بنەماکانی سەرخستنی بیروباوەڕ و دۆزەکەی، بۆیە لەم ساتەشدا ئەوە بیری هەموان دەهێنێتەوە، کە لەناو بەندیخانەشدا بەردەوامە لە خەبات و هیچ ئازارێک شکست و پەشیمانی پێ ناهێنێت، چونکە چونە بەرەو ئامانج کە شەهید بوونە، هەر بۆیە دەڵێت:

ئەڵێن: ئەمرێ و لە ترسی مردن پەشێوە
پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە
بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسوودەم
ڕووشم، زەردەی پێکەنینی هەر پێوە

لەم دوو کۆپلەیەوە ئیتر ئاراستەکان بە تەواوەتی ئەگۆڕێن و شوێنی سەنتەرلەق دەبێت و دژەکان دەکەونە جوڵە، بۆ هێنانەکایەی گۆڕان و ئاراستەی نوێ و

هەڵوەشاندنەوەی چەق و نەهێشتنی توانا و کاریگەرییەکەی، دەڵاڵەتەکانی خستوونیەتە ڕوو جیاوازە لە حەزەکانی تری خود و ئەوانیتر کە هاوتەریبن لەگەڵیدا واتەکانیش فراوان دەبن و لە تاک واتاییدا نامێنێتەوە .

(ئەڵێن ئەمرێ و لە ترسی مردن پەشێوە) لێرەدا مردن کە چەق و سەنتەرە و بڕیاری دوژمنانە و ئەو ڕاستییەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە (دوژمن) گوایە لە ترسی ئەو ئەنجامە پەشێواوە و ڕوخساری تێک چووە، بەڵام ئەم سەرجەم ئەم بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوەو تێکڵ دەشکێنێ و بە وردەیەکی بەرزەوە ئەو ڕاستییە وەبیر دێنێتەوە، کە ئەم پێشتر خۆی ئەم چارەنووسەی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو ئەو بڕیاری داوە، کە مەرگی پێش ئەوان کەوێت و لە ململانێی بە دەستهێنانی سەر قافڵەی ئەو کاروانەدابێت بەرەو ژیانێکی ئەبەدی و نەبڕاوە، لە ڕوانگەی باوەڕبوونی بەبیر و باوەڕ و قەزیەکەی کاتێک دەڵێت (پێشمەرگەم هەر ئەکەومە پێش ئیوە)، ئەوە ناشارێتەوە بە مەرگی پێش هاوڕێکانی و هاوخەباتەکانی ئاسوودە و دڵخۆشە و بەورەیەک بەرز و بیر و باوەڕێکی بەهێز و زەردەخەنەوە پێشوازی لێ دەکات، دیارە لێرەدا بەها و قورسایی و پێگەی مەرگ لاواز بووە و ئەو توانایەی نەماوە و سەنتەری لەق بووە، وردە وردە دژەکان کەوتوونەتە جوولە لە بەرامبەریداو و (دال) لە بەرامبەر (مەدلول) دا ڕووەو گۆڕانە .

ج- مردن وەک مانەوە بە نەمری (ژیان):

لەبەر ئەوەی شەهید بوون یەکێک بووە لە ئامانجەکانی، کەواتە مانەوەی بەنەمری ئەنجامەکەیەتی، کە هەڵوێست و شەهید بوونەکەی بۆی بەرهەم دەهێنێت لە ژیاندا، بە مانایەکی تر شاعیر لەلای ڕوونە کە لە پێناوی سەرخستنی بیروباوەڕەکەیدا هەنگاوەکانی بەرەو کۆێی دەبات و بەدیهێنانی ئامانجەکەی خوازیاری چ فیداکارییەکە، بۆیە سەربەرزانە بێ سڵکردنەوە هەنگاوی بەرەو مردن ناوە و بە مەرگی نەمری تۆمار کردووە، بۆیە دەڵێت:

گەرچی بەرەو دوا مانی ژین بەڕێوەم
یەکەم مانی نەمردن دیارە لێوەم
بەشم چونکە مردنی ناوجێ نییە
شادم تا دوا هەناسەش بە پێوەم

هەڵوەشاندنەوە گەڕانە بە دوای واتا و داتاکان و دژی چەقیەتی واتایەو، هەوڵی گۆڕین و هەڵگەڕانەوەی ئەو واتایانەیە، کە مەبەست گەڕانە بە دوای واتای قووڵ وشاراوەدا، کە نا ئامادەیە، ئەمەش پێویستی بە هۆشمەندی و باکگراوندی خوێنەرە، کە مەدوولەکان واتا ناتامادەکان دەخەنە ڕوو، هەمیشە وێنەکە گۆڕانکاری بە سەردا دێت و مەبەستە سەرەکییەکە لە ڕوانگەی واتا شارەوەکانەوە ئاشکرا دەکرێت، ئامادە و ناتامادە وابەستەی یەکن و ناتامادەیی پەیوەستە بە واتای ئامادەی دەقەکەوەو ڕەهەندە دەلالییەکەی لەوەوە وەردەگرێت و بەشدارە لە پێکهاتەی پەیوەندییە شیعرەکانی دەقەکەدا، شاعیر زۆر بە ڕوونی ئاراستەکە دیاریدەکات، کە بەرەو دووا مانی هەمیشەیی (دوامانی ژین) بەڕێوەیە، دوا مانی نەمردن و نەمری و هەمیشەیی لێ دیارە، خۆشبەختانە شانازی بەوەوە دەکات، کە بە نەخۆشی و پەکەوتەیی لەناو جێگەدا نامرێت، بەڵکو بەوپەڕی هێز و تواناوە سەربەرزانە تا دواچرکەکانی ژیان بە پێوەیە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، دەق و زمانی دەق بەرەو کرانەوە دەڕوات و فرێز و دەستەواژەکان لە ئاستی جێگیردا نامێننەوە و بەرەو گۆڕان و تەقینەوە دەچن، لەم دوو کۆپلەیەدا جیاوازی و دواخستن دێتە ئاراوە و دژەکان شوێنی لۆگۆسینترالیزم لەق دەکەن و پاشەکشەی پێ دەکەن، ئەو چەقەی کە هەیبو هەڵیدەوەشێننەوە، کە لەم دەستەواژانەدا بەدی دەکەین (دوا مانی ژین = بە ژینی ئەبەدی دوای مردن) دژەکەی (مانی ئێستایە کە بە مردن کۆتایی دێت)، (مانی مردن) دژەکەی (مانی نەمردن=هەمیشەیی)

واتە ئەو مانە هەمیشەییەی کە مردن کۆتایی پێدەهێنێت و بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت، واتە هەڵوەشاندنەوەی سەنتەر کە لە بنەمادا (مردن)ە، چونکە مردن کۆتایی بە هەموو شتەکان و (ژیانیش) دەهێنێت، بەڵام لێرەدا مردن ئەو دەسەڵاتەی نەماوە بەپێچەوانەوە ژیانی هەمیشەیی کە دژەکەیەتی جێی گرتووەتەوە، هەرچەندە ژیان لە دوای مردن نا ئامادەیە، بەڵام لە لای شاعیر بە دواخستنی واتا جارێکی تر ژیان دێتەوە ئاراو کۆتایی بە مردن دەهێنێت، یاخود دەڵێت:

دیسان ڕێگای شوێنی کەم لەپێشە
ڕێی گۆڕستان، کە دڵنیام ئەو لە وێشە
ئەگەر لاشەم نەشێ بڕێتە شوێنێ
گیانم لە سەر گوڵی سەرگۆڕێ مێشە

شاعیر ئاراستەکەی لێ ڕونە کە بەرەو کۆێ دەڕوات و چی چاوەڕێی ئەکات، بەڵام بیر و باوەڕ و دۆزەکەی هێندە لە لای گەورەیە، بە شێوەیەک کە هیچ کۆتایی و بەربەستێک ناتوانێ ڕێگری لە هەنگاو و خەبات و بیر و باوەڕەکەی بگرێت و چۆکی پێ دابات، چونکە ئەم کۆتایی بە مردن هێناوە بە شێوەیەک لە دوای مردن ڕێگای تر و ئەرکی تری لە پێشەو هێشتا خەبات و شۆڕش کۆتایی پێنەهاتووە و ئەو ئەرکانەی تەواو نەکراون دەبێ تەواوی بکات.

لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە (ڕێی گۆڕستان ، گۆڕستان) شوێنێکی نەخوازراوە و ڕاستییەکی تاڵە کە لە کۆتاییدا شوێنی هەموو کەسێکە، بەڵام شاعیر ڕێگەکەی ئاسان کردووەو وەک شوێنی ئاشنا بوونەوە بە هاوڕێ دێرینەکانی لێیی دەڕوانێ و خوازیاری بینینەوەیانە، تەنانەت هێندە بێباکانە لێیدەروانێ کە ئەگەر بێت وگۆڕستانیشی پێڕەوا نەبینین، ئەوا جارێکی تر جەخت لەسەر تێکشکاندنی مردن دەکاتەوەو خۆشحاڵە بەوەی گیانی لەسەر گوڵی گۆڕەکان (مێش هەنگوین)ە و شیلەی گوڵەکان دەمژێت و جوانی و بەردەوامی و شیرینی بە ژیان دەبەخشێت، یان دەڵێت:

کە دڵنیام ئەچێتە جێی شانازی
لەو ڕێیەدا منیش ئەکەم گیانبازی
کە خوێنی خەڵاتی ڕێی خەباتە
خوێنی منیش ئەنەخشێنێ ڕێبازی

شاعیر شانازی بە ڕێباز و بیر و باوەڕەکەیەوە دەکات و شانازی بە هاوڕێ و هاوخەباتەکانیەوە دەکات، کە پێش ئەم ڕێی ئەو کاروانەیان گرتووەتە بەر، لێرەدا شاعیر ناوی مەرگ و کۆتایی ناهێنێت، چونکە لە بنەڕەندا گرنگی پێ نەداوە و شتێک نییە لێیی بترسێت، بەڵکو مەرگ لای ئەم پێچەوانە بۆتەوە بۆ دژەکەی و شانازی کردن و بەخشینی ژیانی هەمیشەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو شانازی و ژیانە هەمیشەییە، کە هاوڕێکانی پێش ئەم بە خوێنی خۆیان ئەو ژیانەیان ئەفراندووەو خوێنی ئەمیش ئەو ژیانە هێندەی تر ئەنەخشێنێ و هێندەیتر پێگەی بیر و باوەڕ و ڕێبازەکەی پتەوتردەکات، یاخود دەڵێت:

ئەو مەرگەی لێم ترساوە، ئەی لاوێنم
بۆ ناوێرێ بێتو، بگرێ داوێنم!
با بمناسێ کە پێشمەرگەی -کۆمەڵە-و
کادرێکی دەست و داوێن خاوێنم

لەم دوو کۆپلەیەدا قوولایی بیر و باوەڕ و ئەو سەرچاوە لێگرتنەی شاعیر زیاتر بەدیدەکرێت، کە چ دۆزێکی پیرۆز لە پشتیەوەیە، تاوەکو بەو ورەو توانا و باوەڕ بە خۆبوونەوە، لە کاتێکدا لە ڕووی جەستەیی و فیزیکییەوە جەستەیەکی پڕ ئازار و لاوازی هەیە، بەڵام ورەیەکی نەبەرد و بە تینی پڕ وزەی وای هەیە، کە سەرباری نارەحەتی و ئازاری برینەکانی هێشتا ئەم گەورەتر و زاڵترە و بە چاوی بەزەییەوە لە مەرگ دەڕوانێت و ئەو دەسەڵات و هەیبەتەی کە مەرگ هەیەتی هەڵیدەوەشێنێتەوە و دڵنەوایی مەرگ دەکات بۆ لە دەستدانی پێگەکەی لەبەرامبەر ورە و بیر و باوەڕی ئەمدا و دەیلاوێنێ و لە هەمان کاتدا ئەم جەختی لێ دەکاتەوە کە لە چی ترساوە و بۆ زووتر نایەت و ئەم بەرەو ژیانی هەمیشەیی و سەربەرزی بەرێ بکات، لە ڕێی مەرگەوە خۆی و بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆجیاکەی دەناسێنێ کە چییە و سەربەچ گرووپێکی خەباتە.

د- گۆڕینەوەی شوێن:

مەبەست لەو جۆرەیە کە شوێنی هەر یەکە لە ژیان لەو دنیا و مردن لەم دنیا دەگۆڕێتەوە، بەوەی کە مردن دەبێتەوە بە ژیانی نوێ و گەیشتن بە ئامانجەکان، وەک دەڵێت:

کە پاش مردن هەبوو دنیایەکی نوێ
تا ئەو کاتە با گیانیشم تێر بنوێ
چونکە ڕۆژی هەستانەوە دەرفەتی
فرمانێکی وەک ئێستام هەر بۆ ئەلوێ

شاعیر جگە لەوەی لەم دەقەدا خاوەنی قەزیەیەکی گەورەیە کە سەروو هەموو شتەکان و گیانی خۆشیەتی، لەم دوو کۆپلەیەدا بەڵێ ئەوەی وەک کەسێکی ئایینی لە دنیا بڕوانێت، بە ئەگەرەوە لە ژیانی دوای مردن دەڕوانێت، چونکە ئەم پێشتر بڕیاری مەرگی مردنی داوە و لەڕووی ئایدیاوە بەردەوامی و ژیانی هەمیشەیی چەسپاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە دائەنێ کە ژیانی دواتریشی هەر بۆ خەبات و بیر و باوەڕەکەی تەرخان دەکات و خەبات لای ئەم بەردەوام و نەبڕاوەیە.

شاعیر لە ڕێگەی جیاوازی و دژەوە واتای دواخستووە و شوێنی بە سەنتەر لەقکردووە و واتایەکی جیاوازی بە دەقەکە بەخشیوە، بە شێوەیەک کە سەنتەر چیتر نەتوانێت سەنتەر بێت.

لەو دنیاش هەر پێشمەرگە و کادرم
کە هیچ نەبێ لەوەی ئێستا چاترم
لێرە خاوەن ئەزموونی ڕێی خەباتم
لەوێ لەنێو کۆرەی شۆڕش ئاگرم

شاعیری هێنندە دۆزەکەی لە لا گرنگ و گەورەیە هەموو ژیانی خۆی پێ بەخشیوە، کە لای ئەم لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، بە شێوەیەک ژیانی ئێستا و ژیانی نەبڕاوەی ئایندەشی هەر لە خزمەتی قەزیەکەیدایە و ئەزموونی خەباتی ئەم دنیای بە شێوەیەکی باشتر لەگەڵ خۆیدا دەگوێزێتەوە بۆ دنیا هەمیشەیی و نەبڕاوەکەی ترو ئەو ژیانەشی بە هەموو ئەزموونەکانی ئەم ژیانەی ئێستایەوە دەخاتە خزمەتی بیر و باوەڕ و ئایدیاکەیەوە، لای ئەم خەبات بەردەوامە، لە ڕێگەی جیاوازی و دواخستنەوە لە نائامادەیی ئەو دنیا نەبینراوە و نادیارەشدا واتا دوا دەخات و لە نائامادەیی بیری ئامادەدا پەیامی خۆی دەگەیەنێت.

شاعیر لە دوا دوو کۆپلەی دەقەکەیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پیرۆزی دۆزەکەی و سوربوون لەسەر بیر و باوەڕ و ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتیە بەر

ئەگەر لێرە نەمتوانیێ بجەنگم
لەوێ بە دەست هاوڕێیەکەوە تفەنگم
ئەگەر لێرە بەجێ مابم لە کاروان
لەوێ لە پێش کاروانەوە پێشەنگم

شاعیر هێندە ساده و بەهێز و خاوەن هەڵوێستە، لە کاتێکدا کە پیرۆزترین شتی خۆی کە ژیان و گیانیەتی بەخشیوێتی بە نیشتمان و بیر و باوەڕەکەی، کەچی بەوپەڕی لێبوردەییەوە هێشتا خۆی بە کەمتەرخەم دەزانێ لە بەرامبەر ئەرکە نیشتیمانەکەیدا و لێپرسینەوە لە خۆی دەکات و بە وردە و گیانفیدایەکی زیاترەوە سوورە و بەردەوامە لە خەبات و دونیابینییەکی باشتر بۆ ئایندە، ئەو پەیامە دەدات بە گوێی خوێنەر و نەتەوەکەیدا، کە پێویستە شۆڕش و گیانبەخشین بەردەوام بێت و لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت ئەو ڕۆژانە لە یادبکرێن، ڕەوڕەوی خەباتی مێژووییی گەلی کورد لە جولّە و بزاوتێکی هەمیشەیدایە و ئەبێت ئەم کاروانە بەردەوام بێت تەنانەت دوای بە دەستهێنانی سەربەخۆییش.

ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

- مەرگ لای شەهید مەلا عەلی، ڕێگەی گەیشتنە ئامانجی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە.
- تێڕوانینی شەهید مەلا عەلی بۆ مردن ڕوانگەیەکی ئایینی نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئایدیا و خەبات و نەتەوەوە لێی ڕوانیوە و مەرگ نەیتوانیوە ڕێگری بکات لە گەیاندنی ئایدیاکەیدا.
- شاعیر وێنەی ڕاستەقینەی نەستی خۆی، لەگەڵ هەڵوێستی فکری خۆی، کردووەتە چوارچێوەی شوناسی فیکری دەقەکەی.
- شاعیر مەرگی دەکاتە هێزی بەرەنگاری و سەرکەوتن، بۆیە چەق دەق هێزی مردنە.
- لۆگۆسەنتەریزم یەکێکە لە پایەکانی هەڵوەشاندنەوە، بۆیە شاعیر لەپێناو نیشاندانی وێنەی دووەم، بنەمای دەقی لە پێناو ناساندنی ئامانجدا تێکشکاندووە.
- مردن لەم دەقەدا نەیتوانیوە وەک سەنتەر بمێنێتەوە، بەڵکو ژیان شوێنی پێ لەق کردووە و هیوای هەمیشەیی بە دەقەکە بەخشیوە.

سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز، سورتی (الاسراء)، ئایەتی ٨٥.

سەرچاوە کوردییەکان:

ڕەئوف، پ.ی.د. لوقمان، ٢٠٢٣، تراژیدیای مەرگ لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چ١.

خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاقێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

دریدا،جاک، دەرمانخانەی ئەفلاتون، ٢٠١٥، لە عەرەبییەوە ڕێبین ڕەسوول ئیسماعیل، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون،چاپی یەکەم.

دیکارت، ڕینێ، ٢٠٠٥، چەند وردبونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکەوە، و: د.حەمید عەزیز، سلێمانی، چاپخنەی حەمدی.

دیوانی شەهید مەلا عەلی، ٢٠١١، شیعرو هەڵوێست، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

عەبدولڕەحمان، لهۆن قادر، ٢٠١٤، دوالێزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا، چ١، چاپخانەی رجایی،تاران.

قطوس ،بەسام(د)، ۲۰۱۱، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چ۱.
محەمەد، پ.د.عبدالقادر حەمامین،۲۰۲۰، هەڵوەشاندنەوە لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زمان-بەشی کوردی، چ۱.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

احمد عبدالحليم عطية(د)، ۲۰۱۰، جاك دريدا و التفكيك، دار الفارابي، بيروت-لبنان، ط۱.
افلاطون، محكمة سقراط، ۲۰۰۱، ترجمة و تقديم: د. عزت قرني، ط ۲، القاهرة.
الحفني، عبدالمنعم ، المعجم الشامل للمصطلحات الفلسفة، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط۳.
الدواي، د.عبدالرزاق، موت الانسان في الخطاب الفلسفي المعاصر (هيدجر، ليفي شتروس، ميشيل فوكو)، دار الطليعة بيروت.
العودات، حسين، ۱۹۸٦،الموت في الديانات الشرقية، دمشق، دار الفكر.
اللاذقاني، محيي الدين،۲۰۰۲، الانثى مصباح الكون، أوديسة النساء بين الحرية و الحرملك، مكتبة مندبولي، ط۱.
بدوي، عبدالرحمان، ۱۹٤٦، مشكلة الموت، مطبعة لجنة التآليف و الترجمة و النشر، المجلد السادس.
بدوي، عبدالرحمان، ۱۹٦۲، الموت و الابقرية، مكتبة النهضة العربية، القاهرة،ط۲.
برهيه، اميل، ۱۹۸۲، تاريخ الفلسفة، الجزء الاول، ت: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت.
تشاندلر، دانيال، سنة الطبع بلا ، معجم المصطلحات الآساسية في علم العلامات (السيموطيقا)، ت، د.شاكر عبدالحميد، مطابع المجلس الاعلى للآثار.
توبيني، ارنولد و اخرون، ۲۰۱۱، الانسان و هموم الموت، ترجمة و تقديم عزت شعلان، ط۱، المركز القومي للترجمة.
حسين محمد، د. عياد،۲۰۰۹، بثار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، دار اطلس للنشر و الانتاج الاءعلامي.
حمودة ، د.عبدالعزيز ، المرايا المحدبة-من البنيويوية الى التفكيك، عالم المعرفة 232، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب-الكويت، ۱۹۹۸ .
خليل، د.خليل احمد،۱۹۹۵، معجم مصطلحات الفلسفة، ط۱، دار الفكر اللبناني، بيروت.
دريدا، جاك، ۲۰۱۱، ما الان؟ ماذا عن غد؟ الحدث، التفكيك، الخطاب، اشراف: محمد شوقي الزين، دار الفارابي، بيروت – لبنان، ط۱.
شورون، جاك،۱۹۸٤، الموت في الفكر الغربي، ترجمة: كامل يوسف حسين، مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام.
عبدالخالق، احمد محمد، ۲۰۰۵، سيكولوجية الموت و الاختصار، مركز النشر العلمي، جامعة الكويت.
عبدالخالق، د. احمد محمد، ۱۹۸۷، قلق الموت، الكويت، عالم المعرفة،.
عطية، د.احمد عبدالحليم ، ۲۰۱۰، جاک دريدا و التفكيک، دار الفارابي، بيروت-لبنان، ط۱.
قابيل، د.هالة محمود سعيد حسن، ۲۰۱٦، مفهوم الموت بين الافتراضات الفلسفية و الحقائق الاءلهية، المجلة العلمية، جامعة الاسكندرية، المقالة ۱٤، المجلد۲، العدد۱.
كوفمان، ساره، روجي لابورت، ۱۹۹٤، مدخل الى فلسفة جاک دريدا، ترجمة: ادريس كثيلا، عزالدين الخطابي ،ط۲.

نامەکان:

حەمە کەریم، سەبور عەبدول کەریم، ۲۰۱٤، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
قادر، د. ئاواره فەرەیدون، ۲۰۱۹، شیکاری شیعری نوێی کوردی بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو) وەک نموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

گۆڤارەکان:

الدبور، د.عبدالعزيز موسى،۲۰۱٦، اعتقادات بوذية، مجلة كلية الدراسات الاسلامية و العربية للبنات باسكندرية، المجلد ۳۲، العدد ٥.